

# نۆرینگەی سایك

ئاگاداری خوێنەرانی گۆڤاری سایك دەكەینەوە كە لە ژمارەی داهاتودا گۆشەی (نۆرینگەی سایك) لە گۆڤارەكەماندا دەكرێتەوە ، خوێنەران دەتوانن لە رێگەیەوە پرسیار دەربارەی كێشەو حاڵەتە دەروونیەكانیان بكەن و، پرسیارەكانیان لەڕێگەی دەستەی راوێژكارانی گۆڤار وەڵام دەدرێتەوە. داوا لەو بەڕێزانە دەكەین كە پرسیامان بۆ دەنێرن رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەن:

- پرسیارەكان كورت و پوخت بن.
- تەمەن و رەگەز و باری كۆمەڵایەتی و پیشەی كەسەكە دیاری بكرێت.
- ماوەی كێشە یان حاڵەتە دەروونیەكە دیاری بكرێت، لەگەڵ هەر زانیاریەكی دی كە پەیوەندی بە حاڵەتەكەوە هەیە.
- پرسیارەكان بنێردرێن بۆ یەك لەو دوو ئەدرەسە:

govaripsych@yahoo.com
noringaipsych@yahoo.com

# هەرمن .......!!



ئەو هەرکاتێك گوێ بیستی ئەوە ببوایە کە یەکێك لە دەستە خوشکەکانی بەرەو مانگی هەنگوینی بەڕێدەکەوێت، دووبارە دەکەوتەوە نێو گێژاوی خەیاڵێك تەنانەت بۆ چەندین دەقیقە لەنێو دەریای ئەو خەیاڵەدا مەلەی دەکرد و هەرچی ئومێد هەیە لە فەرهەنگی مێشکی ئەودا نەدەما و هەموو تاوانەکانیشی دەخستە ئەستۆی لووت بەرزی و ڕاڕاییەکانی بۆ سەردەمی تەمەنی خۆی دەگێڕایەوە!! چونکە هەستی بەخۆی کردبوو ئیدی چیدی تەمەنی جوانییەتی جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە نێو خەون و خەیاڵەکانی ژیانی.. ئەمەش ئاسەواری ئەو دوو دڵییە بوو کە نائومێدی لە نەخشەی ئایندەی ئەودا کێشرابوو!! هەربۆیە لەکاتی بیرکردنەوەکانی ئێستای ڕۆژانەیدا بەرامبەر بە لەدەستدانی جوانی دوێنێ و ڕازی نەبوونی بەو هەموو شۆڕەسوارانەی خەونەکانی بمێنێتەوە لەبەینی کەوانەدا کە لەدەستیدابوون، ناچاربوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە بەچاکی زانی لەم سەردەمی دونیای بەرژەوەندی و مادییەدا سەرنجی کەسێك بۆ لای خۆی ڕابکێشی و بتوانێ لەماوەیەکی کورتدا پێگەی ژیان بۆ خۆی دیاری بکات...!! ئەویش نەخشەکە وابوو کە بەتەنها لێخوڕینی ئوتۆمبێلێك دەتوانێ هەرچی خەیاڵی ئێستای قەیرەبوونی خۆی هەیە لەباوەشی گەنجێکدا بەلاوێتی دەبینێتەوە! ئاخر کارەساتەکە لەوەدایە کاتێ مرۆڤ لەسەردەمی هەڕەتی حەز و ئارەزووەکاندا تووشی لووت بەرزی و ڕاڕای دەبێ و ناتوانێ لەکاتی خۆیدا خونچەی ژیان بۆن بکات... بۆیە ئێستاش بەچەندین شێواز ناتوانێ تەنها سەرنجی کەسێك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ئاوڕ لە پووز و شلکە مەیلا وێنەی کەمەری بدەنەوە ...!! چونکە وەك دەڵێن مریشك کە لەهێلکە چووەوە زۆر زەحمەتە بە (ڕاوکە)ش بچێتەوە ژێر باری کڕ کەوتن !! ئەویش چووبووە ئەو تەمەنەی کە نەك نەیدەتوانی لەسەر هێلکەی ژیان کڕ کەوێت و بۆ ئایندە گوێی لە گریان یان چاوی بە خەندەی لێوی تەنها منداڵێك بکەوێت، بەڵکو لەناخیشیدا بەشی تەنها دەڵەمەیەکی پێ نەما بوو!! هەربۆیە ڕۆژانە کە هەناسەی هەڵدەکێشا تەنها بۆن کروزی هەڵەکان ژیانی خۆی لێ دەهات.. ئەگەر لەسەردەمی لاوێتیدا هیچ گرفتێکی خۆ جوان کردنی نەبوو، ئەوا ئێستا بەیانیان بەلایەنی کەمەوە نیو کاتژمێر لەبەر ئاوێنەدا بە مکیاج خەریکی پڕکردنەوەی ئەو دوو هێڵەیە کە زۆر شایەتی تەمەنی لێ دەدەن! زۆرجاریش پێش ڕۆیشتن بۆ دەوامی فەرمانگە خەفەت لەوە دەخوات و دەڕوانێتە سنگ و بەرۆکی کە وردە وردە بەرەو پوکانەوە دەچێت، ئەم بارە دەروونیانە زیاتر وای لێ کردبوو کە هەرگیز سوڕی مانگانەی لەکاتی خۆیدا نەدەمایەوە کە ئەوەش گەورەترین کێشەی ژیانی ئەوەبوو کە بۆخۆی دروست کردبوو....!! زۆر جاریش پەنای دەبردە بەر ئەو گۆرانیەی کە دەڵێت: " هەرمن مامەوە ..هەرمن مامەوە..هەرمن کەس نەبوو ..بێ بەلامەوە... هەرمن کەس نەبوو شەو لەدیارم بێ......،...!!".

**هەورامان محەمەد**

# Butram

بۆ جەستەیەکی چالاك و تەندروستیەکی بێگرفت بوترام هەڵبژێرە

بە وەرزش و خۆرکی تەندرووست و بەکارهێنانی بۆترام دڵنیابە کێشت دادەبەزێ




بۆ ماوەی شەش مانگ هەموو بەیانییەك کەپسولێك وەرگرە

دەکرێ تا دوو ساڵ لەسەری بەردەوام بیت

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە کۆمپانیای هۆز بۆ بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی**

ناونیشان

هەولێر

شەقامی شەست مەتری

Tel. 2230 835

2224 229

E-mail. hozkompany@maktoob.com